

# سەعدی پیرە:
# منداڵەکانم سوودیان بۆ کورد نیە

لەدوای راپەڕینەوە سـەعدی پیرە وەك کەسایەتییەکی سیاسی لە کوردستان ئەستێرەی لەگەشانەوەدا بووە چەند پۆستی پێسپێردراوە وەك وەزیـرو ئەنـدام پەڕلەمانەوە بگرە تا مەکتەبی سیاسـی و ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەڵبەند. کاك سەعدی بەوە ناسـراوە کە لە دەزگاکانی راگەیاندن زۆر بە دیار دەکەوێت و لە موجامەلەکردن ناترسـێ و راشکاوانە قسەکانی خۆی دەکات، با ئەو قسانە بە دڵی بەرامبەرەکەشی نەبێت. گۆڤاری کوێستان چەند پرسیارێکی دەربارەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاراستە کرد و ئەم دیمانەیەی لێکەوتەوە.

دیمانە: فەرمان عەبدولرەزاق ــ هەولێر

***کاك سەعدی ساڵی چەندو لە کوێ لە دایك بوویت؟**

- من لە ١٩٥١/٧/١ لە ناحیەی دیبەگە لە دایك بووم.

***قۆناغی منداڵیت چۆن بوو ئایا لەم تەمەنەدا منداڵێکی هێمن بوویت یان بە پێچەوانەوە منداڵێکی بزێو بویت؟**

- منداڵێکـی هێمن نەبووم من هـەر لەمنداڵیەوە متوی باپیرەم بووم لەبەرئەوەی پێش من دایکم چەند منداڵێکی بووەو مردوون بۆیە کەمێك نازیان کێشـاوم، تا دووسـاڵ و نیوی تەمەنم زۆرتر لەگەڵ باپیرم بووم هەرلەم تەمەنەمدا باپیرم کۆچی دوایکرد، پاش ئەوەی کە ناشتوویانەو لەسەر قەبـران گەڕوانەتەوە دیارە من گـەڕاوم و هاوارم کردووە و پێموتـووە بابـە و بە باوکیشـمم وتووە کاکـە ئیتر لەم کاتـە باوکـم منی گرتـووەو لە باوەشـی کردوومـە دوای ئەویـش هەرلەبەر خاتری باپـیرم مۆڵەتی ئەوە درام بچم بۆ دیوەخان لەگەڵ پیاوە گەورەکان دانیشـم و لە سێ چوار قسە منیش قسەیەك بکەم، لە دێیەکەی خۆمان من یەکەم کـەس بووم چومەتە قوتابخانە، لـە دوای مەلای گوند من خوێندەوار بووم، باوکیشم یەکێك بووە لە کەسایەتیەکانی ناوچەکـەو خەڵك ڕێزی گرتـووە، لەبەر ئەو ڕێزی منیش گیراوە، سـەرەتایم لە دیبەگە تەواو کرد، پاشان بۆ قۆناغی ناوەنـدی و دواناوەندی هاتومەتە هەولـێر، لە هەولێریش زیاتـر لە ماڵی مامۆسـتا مەلا عوسمانی مەلاسـاڵحی کۆزە پانکە کە دەکاتە خاڵوانی باوکم لە ماڵی ئەوان ماومەتەوە،

ژمارە ٧
تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧

تا یەك دوو ساڵ پاشان منداڵی تر هی خۆمان هاتوونە بۆ هەولێر بۆ خوێندن وماڵێکمان دروست کردووە، باوکم دوو خێزانی هەبووە، لەتەمەنی ١٤و١٥ و ساڵیدا بە هۆی ئەوەی کەوا دوای مەلای گوند من خوێندەوار بووم لەگوند هەر کادیرێکی حیزبی بهاتبایە بۆ لادێ، مەبەستم کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان یان کادیری حیزبی شیوعی دەهاتنە دیوەخانی ئێمە، زۆرجار کە بڵاوکراوەیان جێدەهێشت من ئەو بڵاوکراوانەم دەخوێندەوە ، هاموشۆبوونی من بۆ سیاسەت لە ڕێگای بڵاوکراوەکانی حیزبی شیوعی و پارتی بووە، باوکم لەسەرەتا زۆر بەتەنگ حیزبی شیوعیەوە بوو، دوایی یەکێك بوو لەم کەسانە کە کادیرانی پارتی دەهاتن بۆ ناوچەکەمان "کەندێناوە" لە لای ئێمە دەحەوانەوە.

***کاك سەعدی لەم تەمەنە دەکرێ پەنجە بخەیتە سەر یادگاریەکت کە لەیادت ناچێت؟**

- لەم یادگاریانە کە لە بیرم ناچێت ٨ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣)یە کە ئینقیلاب کرایە سەر عەبدولکەریم قاسم، باوکم زۆری پێ موتەئەسیر بوو، هەرلەبەر بێ تاقەتی ئەو هەردەم لەخەیاڵم ماوە، ئەوکاتە تەمەنم ١٣ ساڵان بوو، یادگاری خۆشیش کە لە یادم بێت لەم کاتانەدا تازە پێشمەرگە دروستبوو بوو یەکێ لە بارەگاکانیان لە دارەخورما بوو، کە دەکاتە ناحیەی قەرەچوغ، پێشمەرگەکان هاتوچۆی لای ئێمەیان دەکرد ، وەك مێرمنداڵێك ئێمە زۆر پێی دڵخۆش دەبووین.

**من خاوەن بەڵێنم بەڵام کە شتێ لە توانام نەبێ نایکەم**

***قۆناغەکانی خوێندنت چۆن بڕیوە ئایا وەك خوێندکارێك لە خۆت ڕازی بوویت مەبەستم ئەوەی ئومێدت بۆی خواستووە لەم قۆناغەدا بەدەستت هێناوە؟**

- خوێندکارێکی تەمبەڵ نەبووم، ئەوانەی ئەوکات لەگەڵم بوون، ئێستا لە هەولێرن دەزانن من چۆن بووم، دوای ئامادەییش چوومە زانکۆو ١١ی ئازاری بەسەردا هات، بوومە پێشمەرگە، پاش ڕێککەوتنامەی جەزائیرو هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردستان، یەکێ لەو خوێندکارانە بوومە چومەتە هەندەران، لەوێش لە کۆلیژی ئەندازیاری لە خوێندن بەردەوام بووم، دەمتوانی لە جیاتی ئەندازیاری شتێکی دیکە بخوێنم، وەك زانستی سیاسیو ئەوانیکە، ڕەنگە ئەنجامی باشتر بوایە لەوەی کەوا من هەڵمبژارد، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕازیم.

***ئەوەی ئومێدت بۆی دەخواست لەم قۆناغەدا بە دەستت هێناوە؟**

- یەك لەم گەنجانە بوومە کە ناتوانم گلەیی لە بەختی خۆم بکەم، گلەیی لە پاشەڕۆژی خۆم بکەم لەڕووی پیشەیی و لە ڕووی سیاسیەوە تا ئەوجێیە ڕۆیشتووم کە ویستوومە.

***تەمەنی گەنجیەتیت لە کوێ بەسەر بردووە؟ئەو جیاوازیە بەرچاونە چین بەرای تۆ لە نێوان گەنج لەتەمەنی گەنجیەتی لەم سەردەمەو لە سەردەمی تۆ؟**

- سەردەمی ئێمە جیاواز بوو لەم سەردەمە ، ئەوکات ئێمە کاری سیاسیمان دەکرد، لە دڵەراوکێی ئەوە دابووین دەگیرێین یان نا ! ئەو گەنجایەتیەی کە گەنجێکی وولاتێك کە ئاسایش و ئەمنیەتی پارێزراوی تیایە، جیاوازی هەبوو لەگەڵ گەنجایەتی ئێمە ، هەر لەتەمەنی گەنجیەتیەوە تووشی ئیلتیزاماتی سیاسی بووین، بە مانای گەنجایەتی کەممان بینیوە، بەڵام بەقەناعەتی من گەنجێتی بوون لەو کاتەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هاتە ئاراوە یەکێك لە پایە گرنگەکانی بزووتنەوەی خوێندکاران بوو، لەناو قوتابیان ئێمە دەوری چالاکمان هەبوو، لە تەنزیماتی ناوخۆی شاری هەولێر، بەداخەوە برادەران بەشێکی زۆریان شەهیدبوون، بەشێکیان لە خەباتی پێشمەرگایەتی و بەشێکیان لە کارەساتی یەکی شوبات، لەوانە نوری ئیسماعیل، شاخەوان عەباس ، سەعد عەبدوڵلا ، ئەکرەم مەنتك ، ڕێباز ، عەبدوڵلا ڕەشید ، سەعدی خەلیل، حەسەن ئەنوەر ناسراو بە حاجۆ ، ئەوانەی کە ماون کەمن لەوانە کاك کۆسرەت، عەبدوڵلا تۆفیق، جەلال ساڵح، نەوزاد کاکە ڕەش، جەواد شێروانی ، عەلی ڕەسول..

***گەنجی ئەوکات وەك خۆت باست کرد لە دڵەراوکێ دەژیان، بەڵام گەنجی ئەمڕۆ کە ئەو کێشانەشی نیە هێشتا ئاسوودە نیە ؟**

- ئەوە جیاوازی هەیە چونکە ئەوکات ژیان وەك ئێستا ئاڵۆز نەبوو، ئاستی ژیان وا بەرز نەبوو، وەك ئێستا کێ بیری لە چوون بۆ تاران و سوریا و ئوردن دەکردەوە، خەڵك ئەگەر موسڵ و بەغدای بدیتبایە پێی زۆر بوو، ئێستا دونیا بچوك بۆتەوە و خەڵك دەچێتە یابان و چین، بە مۆبایل دەتوانی لەگەڵ هەموو دونیا قسە بکەیت، لەکاتی ئێمەدا ئەوە نەبوو، دیوارێکی بێ دەنگی باڵی بەسەرماندا کێشابوو، ئێستا گەنجایەتی قورس بووە، خانووی دەوێ، پارەی دەوێ، شتیتریشی دەوێ، تۆ ناتوانی بلێیە گەنجێکی ئەمڕۆ من کاتی خۆی یەك پاسکیلم هەبوو، تۆ ئێستا ئۆتۆمبێلت بۆچیە، زەمەن گۆڕاوە، پێویستیەکان گۆڕاوە، ئەوکات هەموو هەوڵەکان بۆ سەرکەوتنی شۆڕش بوو، ئێستا شۆڕش سەرکەوتوو بەشێکی گرنگ لە ئامانجە نەتەوەییەکانمان بەدی هات، ئەمە لە لایەك لە لایەکیتر بە هۆی ڕاگوازتن شارە گەورەکان زۆر لە جاران گەورەتر بوونە، بۆ نموونە کاتی خۆی هەولێر (١٦٠٠٠)کەس بوو، ئێستا ملیۆنێکە، گەنج ئێستا هەمووی لە شارەکان کۆبۆتەوە، ئەوەش نەشونماکردنێکی ئاسایی نیە، بۆیە سەیر دەکەیت هیچ شتێ فریا ناکەوێت، سیستەمی ئاو دابەشکردن لە هەولێربە یەك بۆری بۆ ٣٠٠ کەس بوو، ئێستا بەهەمان بۆری دەبێ بۆ ٦٠٠٠ کەس بێ، قوتابخانەکان هەروەها، شارەکان بوونەتە لادێی زۆر گەورە، کاتی خۆی لەسەر شەقام خەڵکی هەولێر هەمووی یەکتری ئەناسی، ئێستا وانیە، گەورەترین پرۆژە کاتی خۆی کرایەوە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان بوو، ئێستا لە هەولێر سێ زانکۆ هەیە، چەندین هەزار خوێندکار هەیە، خەڵك ئێستا ٪٦٠ی لە سێ شارەکە دەژیت .

***سەرەتا چۆن لە دەرگای سیاسەتت دا؟**

- ئەوەیان بە توانای خۆمەوە نەبووە کە من بۆی چووبم بە شێوەیەکی راستەوخۆ، بەڵکو بە هاندانی باوکم و براکانمەوە بووە، یەکیان کە لە خۆم گەورەتر بوو، حەسەن پیرە لە یەکی شوباتدا شەهیدبوو، پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ لیژنەی ناوچەی هەولێری پارتی و لقی پارتی هەبوو، ئێستاش هاورێکانی ماون لە ژیاندا مامۆستا مەلا محەممەد ماوە کەلەگەڵ ئەو کاری دەکرد، وەك وتم باوکیشم پەیوەندی هەبووە لەگەڵ بزوتنەوەی جوتیارانی کۆن و پاشان لەگەڵ حیزبی شیوعی پاشان لەگەڵ پارتی هەر لەوێشەوە هاتمە ناو کەشو هەوای سیاسەت لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیەوە .

***لە تەمەنی گەنجیەتیت کەوتوویتە داوی خۆشەویستی؟**

- دەتوانم بلێم بەڵێ و نەخێر ، جیاوازی نێوان جوان و ناشیرینم کردووە، پێمواپە مرۆڤ بێ خۆشەویستی لە ژیاندا وەك دارێکی وشك وایە، گەنجێکی بێخۆشەویست وەك دارێکی بێ بەر وایە .

***لەم خۆشەویستیەتدا بە ئاکام گەیشتوویت؟**

- نەخێر بەسەردا سەفەرم کرد ، لەزەمانی ئێمە خۆشەویستی تەنها دووربەدووری بوو .

***لە ژیانتدا تەنیا پێشمەرگایەتیت کردووە یان هەر بە کاری دبلۆماسیەوە خەریك بویت؟**

- لە ژیانی حیزبی من تا ساڵی ١٩٧٥ پارتی بووم، لە بزوتنەوەی خوێندکاران بووم، پاشان هاتوومەتە حیزب ئەوکاتە هەولێر دابەش کرابوو بەسەر رێکخراو، من جێگری لێپرسراوی رێکخراو بووم کە فەوزی رەشید نامیق بوو، ئێستا لە سلێمانیە ئەو کاتە بەرێوەبەری ئیدارەی نەخۆشخانەی کۆماری بوو ، رێخراوەکەمان رێکخراوی رۆناکی بوو، پاش ١٩٧٥و تێکچوونی رێککەوتننامەی ١١ی ئازار بوومە پێشمەرگە، پاشان لە زینویێ شێخی پەیمانگەی کادیرانم بینی، پاش ئەوە بووم بە کارگێری لیژنەی ناوچەی قەندیل، بارەگامان لە ئێندزێ بوو، پاشان ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووین، لە ١٩٧٦/٤/٥ چوومە نەمسا لەوێ بووم بە ئاوارە ئیتر لەو کاتەوە بوومە یەکێتی .

***کەی و چۆن ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە؟**

- لە رێکەوتی ١٩٨٨/١٢/١٢ ژنم هێنا کە هاورێم بوو لە لەزانکۆ، خوێندکار بوو، ئێستاش هەر بەیەکەوەین و بەخۆشەویستیش هەڵم بژاردووە .

***ئەو مەترسیانەی لەکاری دبلۆماسی هاتوونەتە رێگات چی بوون؟**

- لە لایەنی دبلۆماسی مەترسی کەمتر هاتۆتە سەر ئێمە، لەبەرئەوەی کاری دبلۆماسی ئێمە زیارتر لە ئەورپا بووە، واتا لە دەرەوەی عیراق، هەرچەندە ئەم کارە بۆ ئەوکات بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو کە کۆبونەوەیەکمان هەبوایە لە هەر وڵاتێك، یان سەفەرێکی بەرێز مام جەلال بکرابایە بۆ هەر شوێنێ ئەمانزانی کە مەترسیەکە زیاتر دەبێت و یەکێ لەو مەترسیانەی هاتە سەرمان بریتی بوو لە: کۆنگرەیەکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەڵمانیا کە عیراق ویستی هۆڵی کۆنگرەکە بتەقێنێتەوە، دوایی پێمانزانی و لەگەڵ پۆلیسی ئەڵمانی کەسە عیراقیەکانمان دەسگیرکرد، وابزانم کیتابێکیشی لەسەر نووسراوە، لەوانەی کە بەیەکەوە بووین لەوێ د.کەمال فوئاد، ئەرجومەن سەدیق، سەلاح رەشید بوو ، هەروەها د.محەممەد سابیر بوو کە ئێستا سەفیرە لەچین د. ئەحمەد بامەرنی ئێستا سەفیرە لە سوید لەگەڵ ژمارەیەك برادەری تر.

***کاك سەعدی وەك دبلۆماتێکی کورد لە وڵاتێکی رۆژئاوایی کاتی شاڵاوەکەی بەعس بۆ سەر هەڵەبجە ئێوە رۆڵتان چی بوو؟**

- ئێمە لە سێ بوار دەوری دبلۆماسیمان گێرا، تەنها ناڵێم یەکێتی، بەڵکو بەرپرسانی پارتیش دەوری کارایان هەبوو، یەکیان لەسەرەتای چوونەوەمان بۆ دەرەوە، کە تازە شەهیدان شەهاب شێخ نوری و برادەرانی و کاك ئەرسەلان و ئەوانە گیرابوون، ئێمە پرۆسەیەکی گەورەی ئیمزا کۆکردنەوە پۆستکار ناردنمان لە رێگای مانگی سوورەوە بەجێ گەیاند، بۆ ئەو رۆژە شتێکی گرنگ بوو، چونکە ئەو کاتە خەڵك کەم باسی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستانی دەکرد، ئەوەی دووەم کە کردمان ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ مەسەلەی ئەنفال و بەکارهێنانی گازی کیمیاوی بوو، پرۆسەیەکی گەورەمان بۆ داکۆکی کردن و ئیدانەکردنی ئەم کارە کرد لە ئەوروپا ، ئەو کەسانەی بەم پرۆسەیە هەستان بەشی هەرە زۆری د.کەمال فوئاد، د. محەممەد سابیر، د. ئەحمەد بامەرنی و من بووم، لەناو برادەرانی پارتی د. پیرۆت ، مستەفا رەمەزان، د. رۆژ، هەندێجار فەوزی ئەسعەد بوو ، تارق ئاکرەیی ئەوانە زۆر کارا بوون لە کاری دبلۆماسی لەدەرەوە .

***کاتێ کە لە دەرەوەی وڵات بوویت لەلایەن بەعسەوە هیچ جارێ هەوڵی تیرۆر کردنت دراوە؟**

- لە ئەوروپای رۆژئاوایی ئەوە زۆر ئاسان نەبوو زۆرتر لە ئەوروپای رۆژهەڵاتی کاربەدەستانی بەعس دەوریان هەبوو، بە پێچەوانەوە لە ئەوروپای رۆژئاوایی ئێمە رۆڵی باشمان هەبوو، یەك لەو کارانەی کە کردمان، حیزبی بەعس تیپێکی مۆسیقای بۆ جەژنی نەورۆز بۆ نەمسا هێنابوو، ئەو تیپەی کە هێنابوو بە نیازی وولاتانی تریش بوو، ئەو ئێوارەی کە دەیانویست ئاهەنگەکە بکەن، تەبعەن دەیانویست پیشانبدەن کە کوردی دەرەوە پەیوەندیان بە کوردەکانی کوردستان نیەو ئەمان بۆخۆیان ئاهەنگ دەگێرن، ئێمە رۆژی پێشووتر چووین سێ کەس لە مۆسیقاژەنەکانمان هێنا حەمید عوسمان و بێجان و کورێکی تریش بوو، بەشێکیش لە ئامێرەکانمان هێنا بۆ ئەوەی تیپەکە پەکی بکەوێت،پێمواپێ تەلەفۆن کرا بە فرۆکەی تایبەت تاوەکو ئامێریان بۆ بێنن ،بۆبەیانی کە دەستیان بە ئاهەنگ کرد، خەڵکمان ناردە ژوورەوە بووە شەڕ دوو یا سێ کەس لە دیبلۆماتی عێراقی نێردران بۆ نەخۆشخانە چونکە باش لێیاندرابوو.

*** ژیانی ئەوروپا بەلاتەوە چی دەگەیەنێت؟**

- ژیانی ئەوروپا لە سەردەمی لاویەتی بۆ نیازی خوێندن یان بۆهەر نیازێکی تر بچیت سەرەتا خۆشە، ژیانێکە پرە لە بەهرەی تازە، ئاواتی تازە، بوار فراوانە بەڵام ئەو گەرموگوڕیەی ژیان کەلە کوردستان هەیە لە ئەوروپا نیە، ئەگەر تۆبەتەمای ئەوە بیت هەموو ئێواران چوار پێنج هاورێت ببینیت، ئەوە لە ئەوروپا نیە، هەمووی سەرقاڵی کارە، من پێمواپە بۆ یەکێ کە مەجالی تری نەبێ لە رووی سیاسیەوە بروا بۆ ئەورپا زۆر ئاساییە، بەڵام یەکێ ئەگەر ئەو کێشانەی نەبێت بچیتە ئەوروپا لە کاتێکدا دەتوانێ ئێستا لە کوردستانی ئازاد بژیت، مانەوەی لە ئەوروپا کارێکی بێ هودەیە، لەوێ کێشەی ژیانم نەبوو، جگە لەوەش ماڵ و منداڵی خۆشم لەوێ هەیە، بەڵام رۆژێك نەبووە

كە بلێم ئەوە جێگیر بووموو كێشـەم نەمـا، ئارەزوویەكم هەبووە كە چـۆن بگەڕێمەوە ناو كەسـوكارم، دووەم ژیانـی گەنجی كورد لـە ئەوروپا بێ مەبەسـت ئایندەیەكـی نادیاری دەبێـت، ئەگەر مەبەسـتت هەبێ ئەوروپا زۆر خۆشـە، كۆچـی گەنجانی ئەمرۆ لـە دوو شـت دەبینم یەكیـان لەوەیە كە رەشـبینی پێـوە دیارە بـۆ ژیـان، چونكە ئەگەر حكومـەت بەرنامەیەكی پتـەوی نەبێ بـۆ گەنجان بۆ قەرزی هاوسـەرگیری یا قـەرزی خانووبەرە گەنج ئەمـرۆ ناتوانێ ژیان دابـن بكات، هەیە لـە چالاكیەكی بازرگانی چانـس دێنێ، كاتی خۆی بەشـێكی زۆری گەنج بە سـەربازیەوە خەریك كرابوو، یانیش بە پێشـمەرگایەتی ئێستا ئەم شتە نەماوە خەڵـك دەبێ دەرفەتی كاری بـۆ بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی مانایەكی لـە ژیانی خۆی لەنـاو كۆمەڵگا ببینێت، ئەگـەر مانای نەبێ ئەوا بێتاقەتو بێ ئومێد دەبێ، مەسـەلەی دووەم مەسەلەی رەغبەتی گەنجـە ئەمرۆ بەحوكمـی هەبوونی سـەتەلایتو ئینتەرنێت لە ژوورێكی داخراو لە ژیانێكی خەیاڵی دەژی، فیلمێك سـەیر دەكات، دەبینـێ دووگەنجی جوان كچو كوڕێك ژیانیان پێكهێناوە، پێكێكی بۆ دەخواتەوەو بەدیاریەوە دادەنیشـێت، كـە فیلمەكە تەواو بوو جلەكانی لەبەرئەكات دەرگا دەكاتـەوە تا چۆكی دەكەوێتە قوراو، ئەوە توشـی پێكدادانی دەكات لەگەڵ ئەو ژیانە خەیاڵیەی كە ئەو بینی، وا دەزانێ كە گەیشـتە ئـەوێ ئەمیش وا دەژی، نەخێر ژیان گرانە، دەبێ بیر لەوە بكاتەوە كە ئێستا نا بەڵام پاش چەند ساڵێك، كـە ئێمە وڵاتێكی دەوڵەمەنـدین ئەگەر بارودۆخ گونجاوو جێگیر بێـت رەنگە ژیانێكی وای بۆ برەخسـێت. راكـردن لە بارودۆخی ژیان چارەسـەری كێشە ناكات، بە پێچەوانەوە قوڵتری دەكات بۆیە لایەنگیری چوونە دەرەوە نیم و دەبێ حكومەتی هەرێمیش بیر لە پرۆژەیەكی گەنجانە بكاتەوە .

***چەند منداڵت هەیە؟**

- كچێكو كوڕێك .

***ئایا ئامادەی وەك كەسـێك لە سەركردایەتی یەكێتی ئەو منداڵانەی خۆت لە ئەوڕپا بگەڕێنیتەوە بۆ كوردسـتان، وەك منداڵانی كورد كە لە ژیانێكی سادەن ئەوانیش ئەم ژیانە بگوزەرێنن؟**

- ئاسـاییە، بـەڵام هەردووكیـان لـە قوتابخانەن، دایكیشـیان نەمسـاویە كوردیش بە حاڵ دەزانن، یەكێكیان ئەمسـاڵ شەشـی ئامادەییـە، ئـەوی تریان یەكی كولیەیە، كورد هیچ سـوودیان لێ نابینێـت كە من بیانگەڕێنمەوە بۆ داهاتـووش ئارەزووی خۆیانە كە دێن یان نا .

***كاك سەعدی منداڵەكانت تا چەند تێكەڵی فەرهەنگ و دابو نەریتی كوردین لەوێ؟**

- كەمتر چونكە لە ژیانێكدا دەژین كە لەناو كەسوكاری دایكیانن، بەڵام بە بایەخەوە دەڕواننە مۆسـیقاو تەلەفزیۆنە كوردیەكان، یا جەژنی نەورۆزو هاتوچۆی كوردەكان، ساڵێ چەند جارێكیش دێن بۆ ئێرە هەمیشە ئاگامان لە یەكترە رۆژانە پەیوەندیمانە هەیە.

***بەو پێیەی دەرچووی كۆلێژی ئەندازیاریت بەشـی رێگاو بان ئەگەر رۆژێك هات لە كاری حیزبی دووركەوتیتەوە ئامادەی وەك ئەندازیارێك كاربكەیت؟**

- بـۆ ئەوەیـان درەنگـە ئێسـتاكە ، كاتی ئـەوە نەمـاوە بڵێم بەیانـی بچم كارێكی ئازاد دەكەم، لە هەربوارێك بێت مەسـەلەی ئەندازیاریش تەمەنی خۆی هەیە، كە پێموایە درەنگە بەڵام ئێستا كێشـەی ئەمانەم نیە، ئەگەر مەسەلە بژێوی ژیانبێ من بۆماوەی حەوت ساڵ وەزیری هەرێم بوومە، تەنها بە مووچەی خانەنشینی خۆم بەرێوە دەچم.

***چ شتێك هەیە لە ژیانت زۆر شانازی پێوە بكەیت؟**

- مـن یەكـێ لـە شـانازیەكانم ئەوەیـە وەك هەرتاكێكی كورد كە سیاسـەتی كردبێـت، بەهەرجۆرێك كە خەباتـی كردبێت، بۆ گەیاندنـی كورد بەم ئاكامـەی ئەمرۆ پێموایە ئەمـە یەكێكە لە شـانازیە گەورەكانـی مـن، دەبێ شـانازی بە شـەهیدەكانمانەوە بكەیـن ئێمە لەماڵەوە چەند شـەهیدمان هەیـە ئەگەر مەوزوع سـیایەت نەبایـە رەنگە بـە ئاقارێكی تـردا برۆیشـتمایە، بەڵام بەگشتی پێموایە جێی خۆیەتی شانازی بكەین بە خەباتی سیاسی كەكردوومانە لەگەڵ هەموو برادەرانی ترم لە حیزبەكانیتر، دەبێ ببنـە نموونەیەك بۆ گەنجانی تازە، تا وەك ئەگەر ئامانج ماوە كە جێ بە جێ نەبووە، گەنجە تازەكان تەواوی بكەن.

***چ شتێك لە ژیانت هەیە زۆر لێی پەشیمان بیت؟**

- شـتیك نیە لـە ژیانم لێی پەشـیمان بم ، گەنجێكی سـەرەرۆ نەبومـە بریاری خێرا بدەم ئـەو بریارانەی كە داومـە پێم وایە هەڵەی تێدا نەبووە.

***كاك سەعدی بە كام لە شەهیدە سەركردەكانەوە زۆر سەرسامی و بە نزیك لە خۆتیانەوە دەزانی؟**

- ئەو سـەركردانەی كەشـەهید بوونە لەگەڵ ژمارەیەك لەمانە دۆستایەتیم هەبووە، لەوانە ماوەیەكی كورت لەگەڵ شەهید عەلی عەسكەری بووم كە ئەو بەرپرسی هێز بوو، پیاوێكی زۆر خۆشبوو، سـەركردەیەكی زۆر سەرنجراكێش بوو، لە كۆرو كۆبونەوەكان زۆر سـەرنجی رادەكێشـام، بە دكتۆر خالید سەرسام بووم پیاوێكی زۆر چوستو گورجو فەرماندەیەكی لێهاتوو بوو، لەوانەی كە پەیوەندی تایبەتم لەگەڵیان هەبووە شـەهید رێباز بوو، حەسەن ٭ی بوو، كە بـرادەری كۆنم بوونە، شـەهید شـاخەوان بوو كـە پێمەدوت تو ویژدانی زیندووی پێشمەرگایەتیت، پیاوێكی خۆنەویستو هیلاك بوو، هەروەها شەهید داروی شێخ نووری كە برادەرم بوو، یا شازاد صائیب كە ئەوانە كەسایەتی گرنگ بوون لە بزووتنەوەی رزگاری خـوازی گەلی كوردی، لەم دواییەش شـەهید جەبـار فەرمان كە دەوری تایبەتـی هەبـوو و ژمارەیەكی راسـتەقینەش بوو لەناو پێشمەرگەی كوردستان.

***سەعدی پیرە بە كەسێك ناسـراوە كە راشكاوانە قسەكانی دەكات ئایا لە هەموو هەڵوێستێكدا وایت؟**

- بەڵێ تەنانەت لە ژیانی رۆژانەش .

***لەكۆبونەوە داخراوەكانی نێوان یەكێتی و پارتیش هەروایت؟**

- بەڵـێ من لەكۆبونەوە داخراوەكانی نێـوان یەكێتی وپارتی چ لە پرۆژەی ئاشـتی چ لە هەرشـوێنێكی تر بێت من بە راشـكاوانە قسـەكانی خۆمـم كـردووە، ئەوەیان شـتێكی سیاسـی واقیعیە بەراستی، چونكە دەبێ ئێمە بەیەكەوە كاربكەین، دەبێ بەیەكەوە دەسكەوتەكان بپارێزین، بۆیە دەبێ پێكەوە لەسەر زەویەكی ساف پەیوەندیەكانمان رێكبخەینەوە بە موجامەلە ناكرێ چونكە ئەگەر واشبكرێ بەیانی تووشی كێشە دەبین .

***لەزۆربەی دیمانـەكان بەرامبەر بە پارتی وادەردەكەویت كە شت دەوروژێنیت ئایا لەسەر خواستی خۆتە یان بە رێنمایی حیزبە؟**

- باوەڕ ناكەم شتم وروژاندبێت ، پارتی و یەكێتی بەرپرسیاریەتی



مێژووییان لە ملدایە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم میللەتە، ئەمەش بە موجامەلە ناکرێ پارتی و یەکێتی ڕێکدەکەون لەسەر بابەتێك بەرپرسێکی یەکێتی یا پارتی نایەوێ پابەندبێت بۆموجامەلەی بکەم، پێیدەڵێم دەبێ پەیوەندیەکانمان وابروات ئەو بەرپرسە یەکیتیە یان پارتیە لادەرە پێویستی با چارەسەرکردن هەیە، ئەم بابەتە پێویستی بە ووروژاندن نیە چونکە ئێستا بیلێی باشترە یان هەرکۆبێتەوە لەسەر یەك دابنرێت دوایی ببێتە کێشەیەکی گەورە یەکێتی و پارتی زۆر لە مێژە موجامەلەی یەکتری دەکەن، ئەمەش بە زەرەری هەردوولا تەواو دەبێت زۆر کەسیش بەرژەوەندی لەشەڕدایە، بەلاّم میللەت بەرژەوەندی لە شەڕدا نیە، زۆر جار سەیری هەندێ کیتاب دەکەم بە تایبەت کتابەکەی لەمەر کاك حەمەی حاجی مەحمود کە چەندین ڕووداوی گرنگی کۆکردۆتەوە کە ڕەنگە بەئاسانی لە لایەکی تر دەستت نەکەوێت، ئێستا دەبینم کە هەندێ جار شەڕی بەینی پارتی و یەکێتی لە ئەنجامی لێکتێنەگەیشتن و لاوازی هەڵوێست و دەستنیشان نەکردنی کێشەکاندا ڕوویداوە، بۆیە پێویستە بەر لەوەی بگاتە ئەم ئاستە تۆ کێشەکە دەستیشان بکەیت و چارەسەری بکەیت، تائێستاش بە تایبەت ئەو ماوەیەی کە لێرە بوومە و دوای پێکهاتنەوەش من هەمیشە ئەوە ڕامبووە، ئەوە لێرە بە برادەرانی پارتی دەڵێم زۆر جار بەیەکێتیش دەڵێم، بەو مانایە وروژاندنەکەم بۆ یەکێتیشە، بۆ نموونە ئەو شتەی لە ئاکرێ و لە سۆران دەکرێ ڕەنگە ئەوە لە دەربەندیخان و هەڵەبجەش بکرێ، پاشان ژمارەیەکی زۆر کارمەندمان لە شوێنی کلیلی داناوە، کە گیانی خەڵکی پێوە بەندە و بەسیفەتی یەك حیزبی کاردەکەن، فێرنەبوونە یان نایەنەوێ بڕوا بکەن ئێمە ڕێککەوتووین، من پێموایە دەبێ ئەمە بگۆڕدرێت، خۆمان لە ئەسڵدا ڕامان هێناون وا کاربکەن، ئێستا زەمەن گۆڕاوە پەیمانمان هەیە کوردی قازانجی لەمەدایە، پێویستە ئەگەریەکێك ناتوانێ خۆی بگونجێنێ دووربخرێتەوە، ئەوەی ڕەخنەشی لێدەگرم دۆستەمە، بەلاّم من نامەوێ قەت موجامەلە بکەم ناچم پاشملە قسەبکەم .

***لەگەڵ جگەرە کێشان و خواردنەوەدا چۆنی؟**

- بۆ خواردنەوە ناخۆمەوە، بەلاّم جگەرە دەکێشم ئەو کەسە نیم هەموو ڕۆژ بخۆمەوە مەگەر بۆنەیەك بێت .

***جگەرە کاری لە تەندروستیت نەکردووە؟**

- بەڵێ کاری کردووە پێم وایە باشترین شت بۆ مرۆڤ نەخواردنی جگەرەیە .

***تاچەند گرنگی بە ئەتەکێت دەدەی ئایا زیاتر حەزت بە ڕەسمیاتە یان بە پێچەوانەوە؟**

- ئەوەیان پەیوەندی بە کەسی دووەمەوە هەیە، ئەگەر میوان ڕەسمی بێت منیش ڕەسمیم، ڕەسمیاتیش ئەتەکێتی خۆی هەیە، بەشێوەیکی گشتی هەردووکیانم هەیە، بەلاّم مەرج نیە مرۆڤ جلی جوان و گرانبەها لەبەربکات، ئەتەکێت کاتو شوێنی خۆی هەیە، بەلاّم کە تۆ لەگەڵ دۆست و ڕەفیقە تایبەتی خۆت دادەنیشیت ئەوە جیایە .

***ئەو کاتەی بەرپرسی مەڵبەندی موسڵ بوویت چەند جار هەوڵی تیرۆر کردنت دراوە؟**

- پێنج جار، ئەوکاتە مام جەلال پێیوتم تۆ حەوت، ڕوحی دووانت ماوە پاشان دوای ڕوداوی ئۆتۆمبێلەکەش وتی یەکیانت ماوە.

***دەتوانیت کۆنترۆڵی خۆت بکەیت لەکاتی هەڵچون بەرامبەر کەسی دووەم؟**

- بە نامەنتیقی هەڵناچم، ئەگەر هەڵیشچم ئەوا ئەم ئیجرائاتە دەکەم کە زەروریە .

***کاك سەعدی تۆ بەوە ناسراوی کە زۆر بەڵێن دەەدیت و کەم جێ بە جێی دەکەیت ئایا ئەوە سیاسەتە یان فریودانە؟**

- ئەوە دیعایەی کەسانێکە، بەراستی من بەرپرسیارەتی ئیداری حیزبی زۆرم هەبووە، خەڵك کە داوای شتی لێم کردووە، پێموتووە ئینشەڵلا هەوڵت بۆ دەدەین، بەلاّم ئەو یەکسەر لای وایە ئەمە یانی بەڵێندانە بە جێبەجێکردنی ئیشەکە، ئەم ماوەیەی دوایی فێر ببووم کە هەریەك دەهاتە لام بەر لەوەی بڕوات پێم دەگوت: من بەڵێنم پێنەداوی، بەیانی نەڵێی بەڵێنی پێمداوە، خەڵك هەیە نانی نیە بخوا، خەڵکیش هەیە دێتە لام دەڵێ: ئۆپڵم هەیە دەمەوێ بیکەمە (بی ئیم)، دەڵێم: وەڵلا کاکە پارەی ئەوەم نیە، یان ژنی هەیەو دەیەوێ ژنی تریش بێنێ، بەلاّم بۆخەڵك ڕوونە کە من ترسنۆك نیمە، من دز نیمە، لە سیاسەت و قسەش دەزانم، بەلاّم کە یەکێك شتێ باس دەکات، کە ناتوانیت لێی بکۆڵیتەوە من چی بکەم، ئەوکەسانە بەشێك حەسودیشیان پێوەیە، بۆنموونە خەڵك هاتۆتە لام منداڵەکەی کۆی نمرە منداڵەکەی ٧٠ نمرە بووە، دەڵێ دەبێ لە کۆلیژی ئەندازیاریو لە هەولێریش وەری بگریت، پێی دەڵێم کاکە ئەوە بە من ناکرێت، ئەوە ناکەم بەراستی چومەتە ماڵێك بینیومە ڕاخەر یان سۆبە یان شتێکی لەم جۆرەیان نیە بۆم کریون، یان چومەتە گەڕەکێك بینیتم فوتابخانەیەك پێویستی بە چەند شتێکە بۆم دابینکردوون، بەلاّم شتێ لە توانام نەبێ ناتوانم جا ئەگەر ئەوە لەم چوارچێوەیە بێت، بەڵێ ڕاستە .